# حکومەتی مردووەکان
# "گەندەڵخانەیەکی دڵفڕێن"

پڕۆسەیەکە بۆ بێدەنگکردنو غەمگینکردنی کۆمەڵگەو تاڵانکردنی ژیانو فەرهەنگو سەرچاوە ئابوریو شارستانییەکان

**ئاسۆ جەبار**



تەرخانکردنی بڕی (603)ملیۆن دینار بۆ فیستیڤاڵی جگەرخوێن لەلایەن حکومەتو وەزارەتی رۆشنبیرییەوە، بەڵگەیە بۆئەوەی کە ئەم حکومەتو وەزارەتانە بێجگە لەکۆمەڵێك کەسانی بێئاگاو کەمتەرخەمو دوور لەدنیای مۆدێرن هیچی تر نیین، ئەم حکومەتە هێندەی حکومەتی مردووەکانە هێندە حکومەتی زیندووەکان نییە، هەموو مرۆڤێکی زیندوو ئەوە دەزانێت کە ئەم حکومەتو دەزگاو حیزبانە هێندەی پارەی خەیاڵی بۆ یادکردنەوەی تێکۆشەرە مردووەکانو شاعیرە کۆچکردووەکانو سەرۆکە خوالێخۆشبووەکانو مەراسیمو بۆنەو موناسەبە حیکایەتیو چلەو ماتەمینی مردووەکان سەرف دەکەن، هێندە لەخەمی ئینسانە زیندووەکانو شتە زیندووەکانی ئەم وڵاتەدا نین، لەبەرئەوە من لەم نوسینەدا ئەم حکومەتە ناو دەنێم حکومەتی مردووخۆر، واتە حکومەتێك کە بە سەرلەبەری دامودەزگاکانییەوە لەسەر مردووەکان ئەژیو خوێن لەحیکایەتە مردووەکانەوە وەردەگرێت، حکومەتێکە چەندین ساڵە بەرهەمی شەهیدەکانو سەرمایەی رەمزیو ماددی ئەنفالکراوەکانو هەڵەبجەی شەهید دەخوات، دەتوانین ئەم حکومەتە ناوبنێین حکومەتی ئەنفالخۆرو شەهیدخۆرو هەڵەبجەخۆرو مردووخۆرو حیکایەتخۆر، ئەم حکومەتە زیاد لە 16 ساڵە بۆ یادکردنەوەی ئەنفالو کیمیابارانەکەی هەڵەبجەو کۆمەڵێك بۆنەو موناسەبەی حیزبیو مەراسیمی حیکایەتامێز خەرمانێك بودجەی چەند ملیۆنیان سەرفکردووە لە لافیتە نوسینو دروستکردنی پۆستەرو گێڕانی کۆڕی ماتەمینیو کۆڕو کۆبونەوەو فیستیڤاڵو کەرنەڤال، هاوکات چەندین ساڵە ئەم حکومەتو حیزبانە بەهۆی ئەو سەرمایە رەمزییەی ئەنفالو هەڵەبجەوە چەندین جار بڕە پارەی خەیاڵی بەدیاریو بەخشین لەخێرخوازانی وڵاتانی دنیاوە چووەتە سەر ئەو بودجە خەیاڵییەی حکومەتو حیزبەکان، کەچی ناوچەی گەرمیان لەکەلاوە کەلاوەترە، نەیانتوانی مەسەلەی ئەنفال بکەن بە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی، هاوکات هەڵەبجەش هەر وێرانە.

دابینکردنی بودجەی خەیاڵی بۆ رۆژنامەو بلاوکراوەو گۆڤاری مردوو، هاوکات خوێنەری زوربەی ئەو بلاوکراوانە پەنجا کەس تێناپەڕێنێت، هاوکات بلاوکراوەگەلێکی خاڵین لەرەخنەو دنیابینی مۆدێرن، بەڵام پڕن لەبێدەنگیو ستایش، زوربەیان خاڵین لەمەعریفەو ئەکادیمیەتو روانینو روانگەی نوێ، بەڵام لێوانلێون لەبابەتی کۆنو سواوو مردوو، هەموو ئەمانە بەڵگەی زیندوون بۆئەوەی ئێمەی هاوڵاتی ئەم مۆدێلە لەحکومەت بناسینەوە کە حکومەتێکی مردووە.

ئەو حکومەتو وەزارەتو دەزگا بەناو رۆشنبیریانەی هیوایەتیان دروستکردنی پەیکەرو تابلۆی سێ بەچوارە بۆ سەرکردەو تێکۆشەرە مردووەکانو شاعیرو هونەرمەندە خوالێخۆشبووەکانو سازدانی چەندین مەراسیمو بۆنەو موناسەباتی ساختەو شکۆدارکردنو گێڕانەوەی حیکایەتەکانو بەرزڕاگرتنی حیکایەتە مردووەکانو یادەوەریو رابردوو، سەرلەبەر ئەو دەزگا حکومیو حیزبیانە کارخانەیەکن بۆ بەرهەمهێنانی جەهلو بە مردووهێشتنەوەی حیکایەتەکانو زیندووکردنەوەی فاشیلترین نەریتو سەقەت ترین روانین، هاوکات ئەم دەزگایانە هێندەی پڕن لەجەهلو گەندەڵی، هێدەش خاڵین لەمەعریفەو کردەی مۆدێرن.

دواجار ئەم مۆدێلە لەحکومەتو وەزارەتو دەزگا بەرخۆری فیستیڤاڵو کەرنەڤاڵە مردووەکانو دەسەڵاتێکی خلافاون بە حیکایەتو یادەوەرییەکانو دوچاری بارێکی دەرونی زۆر خراپو بێچارە بوون، کە لێرەدا ئەم حاڵەتە دەروونییە ناودەنێن شەیدایی بۆ رابردوو و حیکایەتەکانی یان نۆستالژیایەکی وەهمی بۆ حیکایەتو پاڵەوانە خەیاڵییەکان.

## حکومەتی مردوو/ حکومەتی زیندوو

دەسەڵاتو حکومەتی وا هەیە بیابانێکی کاکیبەکایکت بۆ دەکات بە نیشتمانێکی پڕ لەسەوزاییو ئاوەدانی، دەسەڵاتیش هەیە نیشتیمانێکی سەوزو پڕ بەروبومت بۆ دەکات بە بیابان، دەسەڵات هەیە وەزیرو پەرلەمانتارو بەرپرسەکانی وەك هاوڵاتییەکی ئاسایی دەژین، دەسەڵاتی واش هەیە هەندێك لەبەرپرسەکانی لەهارونەرەشید خۆشتر بەکەیفتر دەژینو یەکی چەند خانو و تەلارو چەند سوپەرمارکێتێكو چەند بەنزینخانەیەكو کۆمەڵێك سەیارەی کەشخەیان لەژێردایە، وەزیرەکانیشی بێخەمترینو دەوڵەمەندترین پیاوانی وڵاتنو فریان بەدنیای مۆدێرنو بەرنامەڕێژیو پلاندانانەوە نییە،

پەرلەمانتارەکانیشی بێدەنگترینو خەمساردترین مرۆڤی دنیان، تەواوی حکومەتەکانی دنیا گرینگترین شت بەلایانەوە ژێرخانی ئابوریو پیشەسازیو بەرهەمهێنانو گەشەپێدانی کشتوکاڵو بەربومەکانە، حکومەتیش هەیە وەك کرم ئابوری وڵات دەخواتو میللەت دەکات بە میللەتێکی بەرخۆرو موستەهیلك، گرینگ نیە بەلایەوە کارخانەیەکی فالینە عەلاگەو شۆرتی نەبێت، بەلایەوە ئاساییە فالینەی عەلاگەو ماستو پەنیرو پرتەقاڵو دۆو قەیتانی قۆنەرەو دەرزی دورمانو گوێ پاکەرەوەو گۆرەویو سەرجەم پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکان لەوڵاتانی دراوسێو بازاڕە شەقوشڕەکانی دەوروبەرەوە بهێنێت.

زووربەی حکومەتەکانی دنیا وڵات دەکەن بە چراخانو بەردەوام لەهەوڵی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییو بنەڕەتییەکاندان بۆ سەرجەم هاوڵاتیان بەگشتی، بەڵام حکوتیش هەیە وڵات دەکاتە بە تاریکستانو موحتاجخانەو وێرانەیەکی گەورەی ئابوری بۆ سەرجەم هاوڵاتیانو دروستکردنی بەهەشتێکی بچکۆلانەی پڕ کەیفو سەفاش بۆ سەرۆكو مەرۆكو بەرپرسو مەڕپرسو وەزیرو گوزیرو پەرلەمانتارو مەڕلەمانتار.

گەندەڵی تەنها پڕۆژەی دزینو تاڵانکردنی کۆمەڵگە نییە لەلایەن بەرپرسە مشەخۆرو گەندەڵەکانەوە، نەخێر بەڵکە چارەسەرنەکردنی کێشەی نیشتەجێبوونو کێشەی کارەباو ئاو و سوتەمەنی بەشێوەیەکی بنەڕتیو ستراتیژی بەشێکی جیانەکراوەیە لەگەندەڵیو راوڕوتو تاڵانخۆری، هاوکات بەرزکردنەوەی تەلارەکانو نزمبوونەوەی ژیان لەگەندەڵی گەندەڵێترە، رۆتینو سەخافەتی مامەڵەی دامەزراوە باڵاکانی حکومەتو پشتگوێخستنو خەمساردی بەرامبەر داواکاریو پێداویستییە هەنوکەییەکانی هاوڵاتیان بریتین لەگلاربونو گەندەڵبونی حکومەتو دەزگاکانی، بێدەنگیو خەمساردی پەرلەمانو ئەندامەکانی، کەمتەرخەمیو ئیشنەکردنو لوتبەرزیو بێئاگایی وەزیرەکان، هەروەها ئەو حکومەتانەی کە درۆ لەگەڵ هاوڵاتیاندا دەکەنو بەڵێنی وەهمیان پێدەدەنو سەرۆکی حکومەت بەقاتو بۆینباخی ملەوەنەوە باس لەمۆبایلی کوردی دەکاتو ئاگای لەکۆمەڵگە نییە، هاوکات ئەو حکومەتو دەسەڵاتانەی بازاڕیان کردووە بە قۆنتەراتخانەیەکی گەورە بۆ ساغکردنەوەی خواردنو خواردنەوەی ئێکسپایەرو جلوبەرگی دەرەجە هیچو سازکردنی بەڕەڵاخانەیەکی گەورە بەناوی بازاڕی ئازادو نەوزادەوە، هەموو ئەم پێشێلکاریو خەمساردییە گەورانە بەشێکی جیانەکراوەو دانەبڕاون لەگەندەڵیو تاڵانخۆری. هەروەها خولقاندنی ناعەدالەتییەکی بێماناو ناشرین، جوێنفرۆشیو عەنتەریاتی هەندێك لەبەرپرسی گەندەڵو تاڵانخۆری حیزبی نەك هەر دەچنە خانەی گەندەڵییەوە، بەڵکە تاوانی دەرەجە یەکی خیانەتو فەرهودکردنی وڵاتە.

## ئەخلاقی گەندەڵیو تاڵانکردنی سەروەتو سامانی کۆمەڵگە

یەکێك لەو هزرو روانینو کردە ناشرینانەی کە لەچەتەکان بە میراتی بۆ بەرپرسە مشەخۆرەکانو دەسەڵاتە جاهیلو بێ مەعریفەتەکان دەمێنێتەوە گەندەڵییو راوڕوتکارییە، کاتێکیش گەندەڵیو دزیو راوڕوتی ئابوریو خۆدەوڵەمەندکردنی خێرا لەڕێی ئیمتیازاتی حیزبیو حکومیو خێڵەکییەوە دەبنبە ئەخلاقێکی باڵاو شەهامەتێکی بێئەندازە، ئەوکاتە قسەکردن لەسەر مافە شارستانییەکانی هاوڵاتیانو رێزگرتن لەشکۆی مرۆڤ دەبنە شتێکی خەیاڵی، ئەوکاتەی ئەخلاقی راوڕوت جێ بە راستگۆییو شەفافیەت لێژدەکەن، ئیتر کردەو ئەخلاقی گەندەڵی دەبن بە شتگەلێکی ئاساییو رۆژانە، ئەوکاتەی گەندەڵیو گلاربوونی سیاسیو ئیداریو ئابوریو فەرهەنگیو میدیایی دەبنە دیاردەگەلێکی زاڵو بێقسەو بێ گفتگۆ، دەرەنجام دەبێت هەمومان چاوەڕوانی گەندەڵبوونو گلاربونی سەرلەبەری دامودەزگا حکومیو سیاسیو رۆشنبیریو هونەریو حیزبییەکان بکەین، ئەوکاتەی گەندەڵیو راوڕوت دەبێتە ئەخلاقو جێی رێزو مرۆڤایەتیو سەروەری یاسا دەگرنەوە، ئیتر هاوڵاتیان توانای ئەوەیان نامێنێت رەمزە پیرۆزەکان لە رەمزەکانی گەندەڵیو راوڕوت جیابکەنەوە، پڕۆژە ئابورییەکان لە پڕۆژەکانی گەندەڵی جیابکەنەوە، دەزگایەکی حیزبی لەدەزگایەکی رۆشنبیری جیابکەنەوە، فێرتاوکردنی شەقامێك لەپڕۆژەیەکی گەورەی راوڕوت جیابکەنەوە، بەرزکردنەوەی بینا لە پڕۆژەیەکی جاڵجاڵۆکەیی گەندەڵیو پڕکردنی گیرفان جیابکەنەوە.

یەکێك لەخەسڵەتە هەرە ناوازەکانی ئەخلاقی گەندەڵیو راوڕوت بریتییە لەگەندەڵی هاوبەشو راوڕوتی هاوبەش، واتە سازکردنی کلێشەسازییەکی تۆڕئاسای گەندەڵخانەییو راوڕوتخانەیی. شەراکەتو هاوبەشی یەکێکە لەخەسڵەتە هەرە جیاکەرەوەکانی ئەم ئەخلاقیاتە تازەیەی گەندەڵی، رەنگە چەتەکان یان دزەکان ناکۆکی گەورە بکەوێتە نێوانیان لەسەر ئەو غەنیمەو دەستکەوتانەی کە دەستیان دەکەوێت، بەڵام کەسایەتیو پاڵەوانەکانی گەندەڵیو راوڕوت هەرگیز بەشەڕ نایەن لەسەر ئەو برە پارەو موڵكو سامانەی کە هەمویان بەشێوەیەکی ناڕەواو ناشەریعی پێکەوە لەپڕۆژە گەورەکانی گەندەڵیو راوڕوتی ئابوریدا دەستیان دەکەوێت، لەبەرئەوەی لەلای ئەو مۆدێلە لەمرۆڤ شەهامەت لەدەوڵەمەندبوونێکی خێراو لەراوڕوتی گەورەدایە، هاوکات ئەو ملیۆنەها دۆلارەی کە بە مفت لەپڕۆژە دزینو داگیرکردنی سەروەتوسامانەدا مافیاکانی گەندەڵی دەستیان دەکەوێت هەرگیز چەتەکان بە دەیان ساڵ بەقەدەر ئەوانیان دەستناکەوێت، کەواتە ئەو کەسایەتییە گەندالانە دەبنە خۆشەویستو ئەحبابی یەکتری، بۆ دروستکردنی تۆڕێکی گەورەو بەهێزی راوڕوتو گەندەڵی. گەندەڵەکان لەمافیاکان بەهێزترن، لەبەرئەوەی ئەوان تەنها هاوڵاتیان رووت ناکەنەوە بەڵکە نیشتیمانو سەرچاوە ئابورییەکانیش تاڵاندەکەن. هەروەها مافیاکانی گەندەڵی پێویستیان بە سەرمایەیەکی گەورە نییە تا بیکەن بەمایەو قازانجی لێبکەن یان بترسن لەبازارو

ساغکردنەوەی کالاَکانیان، ئەوان بەردەوام بەهۆی نفوزی حیزبیو مافیایی خۆیانەوە بوونەتە مشەخۆرێکی چاونەترسو پاڵەوانی وەهمی کە نە دەسەلاَت پێیان دەوێرێت نەحکومەتو پەرلەمان، لەبەرئەوەی تۆڕێکی هاوبەشی راوڕوتو گەندەڵخانەیەکی سیاحیان دروستکردووە لەنێوان خۆیانو بەرپرسە دەستڕۆیشتووەکانی حیزبو حکومەتو کۆمپانیاو دەزگا تایبەتو نهێنییەکان.

## شەهامەتی گەندەڵیو دەوڵەمەندبوون

ئەوەی چەتەکانو مافیاکانو گەندەڵەکانو  بەرپرسە مشەخۆرەکان لەهاولاَتیانی ئاسایی جیادەکاتە شانازیکردنە بە شەهامەتی گەندەڵیو شانوشەوکەتی راوڕوتکردنەوە، مەترسیدارترین دۆخی گەندەڵی ئەوکاتانەیە کە گەندەڵی دەچێتە قۆناغی شەهامەتو پاڵەوانێتییەوە، کاتێك سەرۆكو سەرکردەکان مەدالیای قارەمانێتی دەکەن بەگوڵیەخەی پاڵەوانەکانی گەندەڵیدا، واتە بەخشینی شەهامەتو پاڵەوانێتیو قارەمانێتی بە ئەو بەرپرسو کەسایەتییە گەندەڵخۆرو راوڕتخۆرو شەهامەتخۆرانەدا. هەروەها تەنها ئەو کەسانە بەخێراترین کاتو لەچاوتروکانێکدا دەبنە بە پیاوە زەنگینو دەوڵەمەندەکانی ولاَتو بەقاتو بۆینباخی بەرائەتەوە تەلەفیزیۆنەکان پڕدەکەن لەقسەکردنو هاشوهوشی دیموکراسیەتو بازاری زۆر ئازاد (زۆر تەڕەماش). کاتێك گەندەڵەکان بەشی زۆری شەهامەتو ئەخلاقو ئیلتیزام بە هەرزان دەکڕنەوەو لەڕێی تیڤیو رۆژنامەکانەوە بەگران بەهاولاَتیانی دەفرۆشنەوە، ئەوکاتە گەندەڵیو راوڕوت دەبێت بە ئەخلاقێکی کوشندەو شەهامەتێکی کوێرانە کە ئەم ئەخلاقە کۆلێکشنێکی پێکهاتەییە لە سەروەریو جوامێری، حیکایەتی شۆرشگێڕانەو بەرائەتی مافیایی.

## هەلهەلەی گەندەڵی

کاتێك ئەمڕۆ شەقامەکان ڤیرتاودەکرێنو سبەینێ لایەکی هەڵئەتکێو پڕدەبن لەتاسەو چاڵوچۆڵێ پارەخواردن، کاتێك تەلارەکان بەرزدەبنەوەو ژیانی خەڵك نزم دەبێتەوە، ئەوکاتە گەندەڵی هەلهەلە لێدەدات بۆ هاولاَتیان، کاتێك بەرپرسسەکان دەبنبە خاوەنی دەیان خانو و پڕۆژەو دەزگاو شەقامو شاری خەونو هاولاَتیانیش تا دوا دڵۆپی ژیان هەر دەبێت کرێچی بنو بەدوای خانودا بگەڕێن، کاتێك پەرلەمان لەبری ئەوەی لەخەمی خەڵکدا بێت خەمی کڕینی سەیارەی کەشخەو خانوی کەشخەدان بۆخۆیان، ئەوکاتە گەندەڵی قاقا پێدەکەنێت، کاتێك بەرپرسەکان دەبنە شەریکی کۆمپانیاکانو ژێراوژێر لەگەڵ دەوڵەمەندو بەنزینخانەو بازرگانەکاندا رێدەکەون، ئەوکاتە ئیتر قسەکردن لەبارەی سەروەری یاساو ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت بە نوکتەو قسەی پوچ.

ئەوکاتەی تۆڕێك لەبەرپرسو حاشیەی ئیداری دەبنبە تۆڕێکی گەورەی گەندەڵخۆری، ئەوکاتەی حکومەتو کۆمپانیاکان بەهەموو هێزو حەرەکەتی خۆیان پردێك دروستدەکەن بە سەقەتیو دوای دوو رۆژ درز دەباتو دائەچێت، ئەوکاتە ئیتر هاولاَتیان لەوە تێدەگەن کە حکومەتو حیزبو کۆمپانیاکان گالّتە بە هەستو شعوری خەڵك دەکەنو قاقا پێدەکەنن.

دواجار ئەم گەندەڵخانەیە چەند دۆزەخێکی گەورەیە بۆ هاولاَتیانو نرخو بەها مرۆییەکان، لەهەمانکاتدا بەهەشتێکی دڵفڕێنە بۆ مافیاکانی گەندەڵیو بەرپرسو ئەو سودمەندە کەلاکخۆرانەی کە لەسەر لاشەی کۆمەڵگەو نیشتیمان دەژین.